# لە 16 یەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی ڕێبەری PAK دا

## 28 خەرمانان بە ڕۆژی شەهیدانی PAK دیاریی کرا

## دانانی ئاکادیمیای سەعید یەزدانپەنا بۆ زانستە سیاسییەکان ڕاگەیەندرا






























...ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی و ژنان و پیاوان و لاوان و بنەماڵەی پۆلێک لە شەهیدانی نەمری ریزەکانی PAK بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمەکە بە لێدانی مارشی سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و هاوکات بە پێوە راوەستانی ئامادەبووان دەستیپێکرد. بەدووای ئەوەدا، پەیامی بەڕێز کاک عەلی قازی محەممەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرا.

لە پەیامەکەی بەڕێزیاندا هاتبوو کە : "بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە ئاوڕ لە ڕووداوی دڵتەزێنی شەهید بوونی کاک سەعید دەدەمەوە، کاک سەعید ئەو رۆڵە هەڵکەوتووەی نەتەوەکەمان بوو کە میراتێکی دەوڵەمەندی فیکری و سیاسیی بۆ ئێمە بەجێهێشت". سەرۆکی PAK لە درێژەی پەیامەکەیدا دەڵێ: "جێی خۆشحاڵییەکە حیزبەکەی کاک سەعید بە تێرۆری ئەو، نەشکا و ئازایانە لە مەیداندا مایەوە و سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆی وەدییهێنا".

پاشان بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی PAK بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە وتەکانییدا، بە چڕی ئاوڕی لە 16 ساڵ لەمەوبەر دایەوە کە لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا، دوو ڕووداوی دژ بەیەکی بۆ خەباتگێڕانی PAK تێیدا ڕوویدا. دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان وەک سەرکەوتن و ڕووداوێکی خۆش؛ تێرۆرکران و گیانبەختکردنی کاک سەعید وەک موسیبەت و کارەسات.

جێگری سەرۆکی PAK لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا، ئامازەی بە داهێنانە سیاسییەکانی کاک سەعید و درێژەپێدان و تەواو کردنیان لە لایەن قوتابیانیەوە کرد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و کۆنگرەی یەکەم و ئاکام و پەسەندکراوەکانی بە تەواوکەری ئەو داهێنانە وەسپ کرد.

حسەین یەزدانپەنا لە بڕگەیەکی دیکەی وتەکانیدا، ئامازەی بە ڕووداوی تێرۆری کاک سەعید و بەدووای ئەویشدا شەهید بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەباتگێرانی PAK کرد وتی: "بەدووای کاک سەعید دا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیانی بە ئەمەگی چوونە ریزی کاروانی شەهیدانەوە. شەهیدانی PAK لە ڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە جیاواز نین و هەموویان لە پلەی بەرزی سەروەرییدان و کاک سەعید سەرقافڵە و سیمبولیانە. هەر بۆیە ڕێبەرایەتی PAK 28 خەرمانانی وەک ڕۆژی شەهیدانی پارتی ئازادیی کوردستان دیاریی کردووە".

جێگری سەرۆکی PAK لە کۆتایی و تەکانییدا، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە: "پێویستە ڕێبوارانی ڕێگای شەهید سەعید بە ڕێبازی ئەوەوە پەروەردە بکرێن و ببنە کادری نەتەوەیی" و هەر لەم پێوەندییەدا، بڕیاری دانانی " ئاکادیمیای سەعید یەزدانپەنا بۆ زانستە سیاسییەکان"ی بۆ پێگەیاندی کادری حیزبی ڕاگەیاند.

بەدوای ئەوەدا، ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی PAK بەبۆنەی 16 یەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی کاک سەعید لە لایان هەڤاڵ شەماڵ پیران کۆردیناتۆری کۆمیتەی ناوەندیەوە پێشکەشکرا. ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی، تیشکی خستووەتە سەر ژیان و خەباتی کاک سەعید و ڕەوتی گەشە و هەڵدانی ڕێبازەکەی لە لایان خەباتگێڕانی PAK ەوە.

هەر بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی PAK ەوە، پەیامی ڕێکخراو و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات وەک: ڕێکخراوەکانی ئەمریکا و ئوروپا و کۆمیتەکانی ئاڵمان، هولەند، فینلاند، نۆروێژ، دانیمارک و ئینگلستان و هەروەها برووسکەی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان و کۆمیتەی لاوانی PAK و پەیامی کۆمەڵەی برایەتی لە ئارنێم پێشکەش کران.

نێوەڕۆکی هەموو ئەو پەیامانە، بەرزنرخاندنی دەوری مێژوویی کاک سەعید و سووربوون لەسەر ڕێبازەکەی بوون.

لە ڕێورەسمی شەهیدانی PAK دا، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی بە پێشکەشکردنی بابەت و شێعر و پەخشان، هەستی خۆیان بۆ ڕێبەر و هەڤاڵانی شەهیدیان دەربڕی.

نێوئاخنی و تەو پەیامەکان، چەپکێک سروودی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی پێوەندار بوو کە لە لایان کۆڕی هونەری PAK ەوە پێشکەشکران.

لە کەشوهەوایەکی پڕ لە ئەمەگ و وەفاداری و هیوا بە داهاتووی گەشی حیزب و نەتەوەکەمان، ڕێورەسمی ڕۆژی شەهیدانی پارتی ئازادیی کوردستان کۆتایی پێهات.

# سەربازگەکانی ڕێژیم لە کوردستان هێزیان بۆ ڕەوانە کراوە

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە تایبەتییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە، سەربازگەکانی ئەرتەشی ئێران لە ورمێ، سەقز و سنە، لە شارەکانی ئێرانەوە هێزی زیاتریان بۆ ڕەوانە کراوە.

هێزە تازەکان لە شارەکانی تەورێز، هەمەدان، میاندواو، بناو، قوروە و عەجەب شێرەوە رەوانەکراون.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە نێو ئەو سەربازگانەوە گەیشتوونەتەدەرەوە، ئامانجی ئەم کۆکردنەوەی هێزە، ئەگەری هێرشی ئەمریکا و هاوکات سەرهەڵدانی خەڵکی کوردستان لە دژی ڕێژیم باسکراوە.

# سوپای پاسداران پاش بە "تێرۆریست" دانانی، ئەگەری لێدانی بەهێز دەبێ

پاش ئەوەی کۆنگرەی ئەمریکا لەمانگی ڕابردوودا، "سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران"ی وەک هێزێکی تێرۆریستی ناسیی، ڕۆژی 4 ڕەزبەر (26 سێپتامبری 2007)، "مەجلیسی پیران"ی ئەو وڵاتە، بە زۆربەی دەنگ ڕەزامەندیی خۆی لەسەر بە تێرۆریست دانانی ئەو سوپایە دەربڕی.

گەڵاڵەی بە تێرۆریست دانانی "سوپای پاسداران" لە لایان سیناتۆری کۆماریخواز "جان کایل" و سیناتۆری سەربەخۆ "جۆزێف لیبرمان"، پێشکەش بە سەنای ئەمریکا کرابوو.

سوپای پاسداران هەرلە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پاراستنی ئەو ڕێژیمە دامەزرا و لەوپێناوەدا، سەدان چالاکیی تێرۆریستیی دژی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم لە نێو خۆ و دەرەوەی ئێران بەڕێوەبردووە. ساڵی 1369 (1990) بۆ ڕێکوپێک کردنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی لە نێوخاکی دراوسێکان و وڵاتانی دوور و نێزیک دا "هێزی قودس"ی دامەزراند. هێزی قودس بۆ هەرکام لە وڵاتانی جیهان سوپا یان قەرارگایەکی هەیە. قەرارگای ڕەمەزانی سەر بە سوپای قودس گەورەترین دەوری لە کردەوە تێرۆریستییەکانی نێو عێراقدا هەیە. ئەفسەرانی سوپای قودس ڕاستەوخۆ لە نێوەڕاست و باشووری عێراقدا، دەستە و تاقمی تێرۆریستی لە عێراقییەکان پێکدێنن، لەنێو ئێراندا خولی ڕاهێنانیان بۆ دەکەنەوە، چەک و تەقەمەنیان بۆ دابین دەکەن و ئامانجە تێرۆریستییەکانیان بۆ دەسنیشان دەکەن.

ئەرتەشی ئەمریکا زانیاری تەواوی لەسەر چالاکییەکانی هێزی قودسی سوپای پاسداران لە عێراق دەسکەوتووە. ساڵی ڕابردوو هێزێکی ئەمریکی لە هێرشێکی کتوپڕدا بۆسەر "کۆنسولگەری ئێران لە هەولێر"، 5 کاربەدەستی هێزی قودسی دەسبەسەر کرد.

هەروەها ڕۆژی 29 خەرمانان (20 سێپتامبری 2007)، مەحموود فەرهادی فەرماندەی عەمەلیاتی قەرارگای زەفەری ڕەمەزانی هێزی قودس لە سلێمانی لە لایان هێزێکی ئەمریکییەوە لە هوتێل سلێمانی پالاس دەسگیرکرا.

چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە ئەگەر بێتوو، کۆشکی سپی، سوپای پاسداران بخاتە نێو لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە، جگەلە دەسبەسەرداگرتنی داراییەکانی لە بانکەکانی دەرەوە و گەمارۆدانی ئابووری کۆمپانیاکانی سەربە سوپای پاسداران، ئەگەری پەلاماردانی بنکە و بارەگا سەرەکییەکانی ئەو سوپایە لە نێو خاکی ئێراندا، بەهێز دەبێ.

کۆماری ئیسلامی لە یەکەم دژ کردەوەیدا سەبارەت بە بڕیاری مەجلیسی سەنای ئەمریکا، ئەو بڕیارەی مەحکوم کرد و بە "ناقانوونی" دانا. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند: "ئەمە هەنگاوێکی نا بەرپرسانە و ناقانوونییە و ئێمە لێبڕاوانە مەحکوومی دەکەین".

لە لایەکی دیکەوە، وتەبێژی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی سووری "ئەلوەتەن"، ئەو بڕیارەی کۆنگرە و سەنای ئەمریکای "بێبایەخ" ناوبرد.

سەردار سەرتیپ مورتەزا سابقی، لەو وتوویژەدا، دەڵێ: "بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکا، لە چوارچێوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەو وڵاتە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە ئامانجی زەبر لێدان لە کردەوەی بەهێز و پێگەی خەڵکیی سوپای پاسداران، داڕژاوە".

سابقی هەروەها دەڵی: "دەوری سوپای پاسداران لە بەرپەرچدانەوەی پیلان و کردەوەکانی ئەمریکا و توانای ئەم هێزە لە پووچەڵکردنەوەی جموجوڵە دەسدرێژکارانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بووەتە هۆی دەرکردنی ئەو بڕیارە".

هەر لە چوارچێوەی دژ کردەوەکانی ئێران بەرانبەر بە بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکا، ڕۆژی شەممە 7 ڕەزبەر (29 سێپتامبر) 215 ئەندامی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران لە بەیاننامەیەکدا، ئەرتەشی ئەمریکایان بە "تێرۆریست" دانا!؟

# فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران:

## ئەو دراوسێیانەی ببنە بنکەی ئەمریکا وەڵامیان دەدەینەوە

بە دوای چوونە سەرێی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاوکاریی ژمارەیەک لە وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ ئەمریکا، محەممەد عەلی جەعفەری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلعالەم، کە لە ئێرانەوە بەزمانی عەرەبی پرۆگرامەکانی دەوەشێنێ، ڕۆژی 28 سێپتامبر ڕایگەیاند: "ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام و ئێران هاوکاری دەکەن، دەبێ بزانن ئەگەر شەڕێك ڕوویدا و خاکی خۆیان بخەنە خزمەت دوژمنەوە و لەوێڕا لە دژی ئێمە کاری سەربازی بکرێ، ئێمە لە بەرانبەر ئەوەدا وەڵام دەدەینەوە". جەعفەری لەمەڕ دامەزرانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا و مەترسیی بۆ سەر ئێران وتی: "ئەوە مافی ڕەوای ئێمەیە کە کاتێ دوژمن لە خاکی وڵاتێکی دۆست و دراوسێی ئێمە دادەمەزرێ و لەوێڕا لە دژی ئێمە دەکەوێتەکار، ئێمەش لە دژی ئەو شوێنەی کە دوژمنی لێیدامەزراوە، وەڵام بدەینەوە. فەرماندەی سوپای پاسداران لەو دیمانەیەدا، ئامازەی بە هەبوونی مووشەکە دوور و ناوەند هاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی کرد و وتی ئێران لە دوای شەڕی 8 ساڵەی عێراق، خۆی بەو مووشەکانە تەیار کردووە.

ئەم قسانەی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، قسەکانی سەرانی ڕێژیمی بەعسی عێراق وەبیردێنێتەوە کە پێش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکایان، دەیانکرد؛ لە حالێکدا پتر لە 3 هەفتە خۆیان بەرانبەر هێرشی هێزەکانی ئەمریکا نەگرت و ڕێژیمەکەیان ڕووخا و بەدەردێک چوون کە کەس خۆزگەیان پێ ناخوازێ.

# 2 مانگە دارستانەکانی کوردستان لە ئاگردا دەسووتێن

زیاتر لە 2 مانگە دارستان و لێرەوارەکانی کوردستان لە ئاگردا دەسووتێن و دەبنە خۆڵەمێش. ڕووبەری ئەو دارستانانەی کە تا ئێستا سووتاون بە زیاتر لە 20000 هێکتار دەخەملێندرێن.

ئەم ئاگرە، دارستانەکانی دەور و پشت و شاخەکانی شارەکانی ئیلام، سنە، مەریوان، کامیاران،قوروە و پاوەی گرتووەتەوە. بێجگە لەوەی، دارستانەکانی ناوچەی بانە، کەوتوونەتە بەر هێرشی بڕینەوە و ڕۆژانە سەدان دار سەر دەبڕدرێن.

دارستان و لێرەوارەکانی کوردستان، لەلایان هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاگریان تێبەردراوە. هێزەکانی ڕێژیم لەم کردەوەیە پەیجۆری دوو ئامانجی سەرەکین، یەکیان، لە ناوبردنی سرووشتی جوانی کوردستان و ئەوی دیکەشیان ترس و نیگەرانی لە گەیشتنی بارودۆخێک کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی گونجاودا، لە شاخ و بەندەنەکانی کوردستان دامەزرێنەوە.

کار بەدەستانی ڕێژیم لە بەڕێوەبەرایەتی ئوستان و شارەکان تا ئێستا بە ئەنقەست خۆیان لە هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێکی راسگۆیانە بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە بواردووە.